نووسینی: فاتیح مەحمود

٧ ی ٤ی ٢٠٠٩
دوارۆژی هاوپشتی چەپی سەربەخۆ

# ئایە خوا منی دروست کردوە؟

# ئەگەر بەڵێ! بـــۆ؟

خوا ئەڵێت ئادەمم لە قوڕ دروست کرد، حەوام لە پەراسوی دەرهێنا، هەموو مرۆڤیش بەرهەمی ئەم دووانەن.

ئەگەر ئادەم و حەوا لە بەری ئەو دارەیان نەخواردایە ئەم هەموو قوڕبەسەریەش بۆ ئێمە نەدەمایەوە و هەر نەدەهاتینە دونیاوە بۆ سەرقاڵ کردنی خوا. شەیتانیش ئەم هەموو کارەی بۆ خۆی نەدەدۆزیەوە تا (٢٤) کاتژمێر دڵی لای ئێمە بێت بۆ هەڵگێڕانەوەمان لە خودا، هەروەها شوێن کەوتنی پارتە سەرکەوتوەکەی شەیتان.

إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ( سورة ص:٧١)
خوا ئەڵێت هەموو مەلائیکەتەکانم کۆ کردەوە و پێم وتن کە مرۆڤێك لە قوڕ دروست ئەکەم.
وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ (سورة المؤمنون: ١٢)
خوا ئەڵێت ئینسانم لە قوڕ دروست کرد.

باشە خوا ئادەمی دروست کردوو حەوای کرد بە هاوسەری لە بەهەشتا بۆ ئەوەی ژیان بە بەختەوەری لە ناو بەهەشتا بەسەر بەرن. نە من ئەزانم و نە خواش لە قورئانا باسی کردوە کە بۆچی مەبەستێك دروستی کردن، تەنها ئەوە نەبێت کە پێمان ئەڵێت:
وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ( سورة الذاريات: ٥٦)
جنۆکە و ئینسانم دروست کرد بۆ ئەوەی عیبادەتم بکەن.

هەروەها هەمووشمان ئاگادارین لە ڕوانگەی قورئانەوە (عزازیل) واتە شەیتان خوا دروستی کردووە، لە ئاگر دروست کراوە، وە مەلائیکەتیش نییە لەبەر ئەوەی کە جنێکی زۆر خوا پەرست بووە خواش بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی گەورەشی داوەتە دەستی، خواش بە (عەزازیل) شەیتانی وتوە کە تەنها کڕنوش بۆ دروست کەرەکەی ببات، ئەویش بەم بڕیارەی خوا نەك هەر قایلە بەڵکو بۆ سانییەیەکیش لە زیکری خوا دوور نەبووە، باشە لە کاتێکدا کە عەزازیل لەسەر ئەرز بوو، خۆ خوای نەدیبوو، ئەی لەو هەموو کاتەی سەر زەویدا بۆ بچوك ترین سەرپێچی خوای نەکرد؟ بەڵام لەدوای ئەوەی کە بڕیاری دروستکردنی ئادەمی دا هەندێك مەلائیکەتی ناردە خوارەوە بۆ خۆڵ هەڵکێشان لە ئەرزەوە، پڕ چنگێکی خوا خۆڵیان بردە سەرەوە بۆ خودا، خوداش کردی بە قوڕ، ئادەمی لەو

قوڕە دروست کر،د دوای وشکی کردەوە، تا قوڕەکە توند بوو بۆ چل ڕۆژ خوا وازی لێ هێنا، بە بێ ڕوح، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ مەلائیکەتێك زانیاری لە سەر ئادەم هەبێت یان بۆ چی مەبەستێك دروست کراوە هەر لەخۆیانەوە لێی ئەترسان، بەڵام (عەزازیل، شەیتان یان ئیبلیس) لە هەمویان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لێ ئەترسا، بۆیە ڕۆژانە ئەهات بۆلای هەیکەلەکەی ئادەم و بەدەوریا ئەسوڕایەوە و ئەچوە ناو هەیکەلەکە بەڵام بەوە دڵخۆش بوو کە ئادەم ناوەکەی بۆش بوو، ئەیزانی کە ئادەم بەقەدەر ئەم بەهێز نابێت، کاتێك شەقی لە هەیکەلەکەی ئادەم ئەدا هەیکەلەکە دەنگی لێ دەر دەچوو، بۆیە زیرەی لە هەیکەلەکەی ئادەم کردبوو. ئادەم شەست مەتر باڵای بوو، حەوت مەتر پان بوو،

لەدوای چل ڕۆژ خوا ڕوحی کرد بەسەریا، تا ڕۆح گەشتە کونە لوتی، ئادەم پژمی، خوا پێی وت بڵێ حەمدو سەنا بۆ خوا ئادەمیش وتی، خواش وتی بەر ڕەحمەتی خوا کەوی، کام خوا! ئایا خوا مەبەستی خۆیەتی یان ئەبێت خواش خوایەکی تری هەبێت؟

کاتێك پرۆسەی ڕۆح بەسەراکردنی ئادەم تەواوبوو، بەشەرێکی تەواو دروستکرا، ئادەم  کاتێک چاوی کردەوە و میوەی بەهەشتی بینی برسی بوو، هێشتا ڕۆح نەگەشتبوە قاچی ئەیویست بروا، ئەمجا خوا بە هەموو مەلائیکەتەکانی وت کە کڕنوش بۆ ئادەم ببەن.

(سورة الإسراء : ٦١ ) ( وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا)

کە وتمان بە مەلائیکەتەکان سوجدە بەرن بۆ ئادەم، هەمویان سوجدەیان برد، بەڵام شەیتان وتی سوجدە بەرم بۆ کەسێك کە لە قوڕ دروست کراوە؟

( سورة البقرة: ٣٤ ) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ

بەڵام شەیتانی لە ئاگر دروست کراو نەیتوانی کڕنوش بۆ ئادەمی لە قوڕ دروست کراو بەرێت خۆی بە گەورەتر زانی. ( سورة الأعراف: ١٢) قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ

خوا بە شەیتان ئەڵێت، چیی وای لێکردی سوجدە نەبەی، لە کاتێکدا من پێت ئەڵێم سوجدە بەرە؟ شەیتانیش ئەڵێت ئاخر تۆ منت لە ئاگر و ئەوت لە قوڕ دروست کردوە من زۆر شتم هەیە بەسەر ئەودا.

( سورة الحجر:٢٧ ) ( وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ السَّمُومِ) خوا پێمان ئەڵێت کە شەیتانم لە پرشی ئاگر دروست کردووە، باشە بۆ خودا نەیدەزانی کە ڕۆژێك دێت شەیتان بێ ئەمری خودا دەکات، ئەی کە دەیزانی شەیتانی بۆ بەرزکردەوە بۆ ئاستی مەلائیکەتەکانی خۆی، باشە بۆ خودا نەیدەزانی ئادەم دروست ئەکات و حەوا لە پەراسوی دەر دەهێنێت و شەیتانیش هەڵی حەوا ئەخەڵەتێنێت، ئیتر بۆ پێی وتن لەبەری ئەو دارە نەخۆن؟

(سورة البقرة : ٣٥) وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ.

خودا وتی ئادەم لەگەڵ ژنەکەتا لە ناو بەهەشتا چی ئەکەن و چیتان ئەوێت بیکەن و بیخۆن بەڵام لەو دارە نزیك نەکەونەوە با نەبن بە ستەمکار. باشە کە خودا پێشتر دای نابوو، کە بە شەیتان بییان خەڵەتێنێت ئیتر ئەم قسە منالآنانە چییە لەم چیرۆکەی شەیتان و ئادەم پێمان ئەڵێت؟ کە خودا خۆی زانابوو دەیزانی کە ڕوودەدات، پێگوتنی بۆ چی بوو؟

لە پێش ئەوەی کە بە شەیتان هەڵی خەڵەتێنێت پێغەمبەرانی زورییەتی ئادەمی پیشان دابوو،کەواتە خوا پێشتر دایینابوو کە بە شەیتان هەڵی خەڵەتێنێت. خوا لە چەند جێگایەکدا پێمان ئەڵێت کە زاوزێ لەبەهەشتا نییە. لێرەش ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە بڕیاری کڕنوش نەبردنی شەیتان لەدەستی خۆیدا نەبووە، هەروەها بەهەمان شێوە ئادەم و حەواش

بڕیار لەدەستی خۆیاندا نەبووە کە لە بەری دارەکەیان خوارد. یان بە کڕنوش نەبردن و دەرکردنی شەیتان لە بەهەشت و بەنەحلەت کردنی لەلایەن خواوە بۆ هەتا هەتایە، چۆن هەم دیسانەوە شەیتان گەڕایەوە بۆ بەهەشت؟
گریمان خوا دەعوەتی کرد بۆ بەهەشت، ئەی خۆ خوا بە ئادەم و حەوای وتبوو کە هەرشتێکیان ئەوێت ئەتوانن بیکەن و بیخۆن لە بەهەشتا تەنها لە بەری دارێك نەبێت کە لێیان قەدەغە کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەك لێی نزیك ببنەوە؟ ئەی بۆ قسەی خوایان شکاند و بەقسەی شەیتانیان کرد؟ بۆ خودا نەیدەزانی کە مرۆڤێکی وەک و ئادەم و حەوای نەزانی دروست کردوە کە زۆر خۆش باوەڕن؟ بۆ نەیدەزانی کە ئەوان بەقسەی شەیتان هەڵدەخەڵەتێن؟ یان ئەم هەموو مەلائیکەتە دڵیان نەرم بوو کڕنوشیان بۆ ئادەم برد بۆ دڵی شەیتانیشی نەرم نەکرد؟ با لێرەش بڵێین ئەم خوا کەلەپوتە (نەزانە) ئەقڵی مرۆڤ تاقی ئەکاتەوە، بۆ خوا نەیزانیوە کە ئەقڵی ئێمە چەندە بۆیە تاقیمان ئەکاتەوە؟ بە شەرتێك خوا بە هەموو مەلائیکەتەکان ئەڵێت کە ئادەم لە هەمویان ئاقڵ ترە، کەچی بە شەیتانی هەڵخەڵەتاند، باشە شەیتانیش یەك هەڵەی کرد خوا نەحلەتی لێ کرد، کە هەموو ژیانی خێر و چاکە و کڕنوش بردن بوو بۆ خودا تەنانەت یەك بست ئەرزیش نییە لەم سەر زەویە کە عەزازیل کڕنوشی بۆ خوا تێدا نەبردبێت. ئەگەر خوایەك ئەو هەموو چاکەی شەیتانی لەبەرچاوو نەبێت ئیتر چاوەڕوانی کام (ئەرحەمورڕاحەمینی) لێ بکەین؟

کەواتە ئەبێت بڵێین نەحلەتیش لەئادەم کراوە وەك شەیتان چونکە بەهەمان شێوەی شەیتان ئادەمیش قسەی خوای شکاند، وە هەردوکیانیش بەیەکەوە فرێدرانە سەر زەوی، کەواتە خۆهیلاک کردنە لەگەڵ ئەم خودا بێئەقڵە. چونکە ئادەم و شەیتان بەقسەی دروستکەرەکەی خۆیانیان نەکرد، وە ئەگەر بێتو یەکێك لەزوریەتی ئادەم بچێتە بەهەشت کەواتە زوریەتی شەیتانیش بۆیان هەیە بچنە بەهەشت .
بەهەر حاڵ لەوانەیە جەهەنم کاریگەر بێت بۆ مرۆڤ بەلام خۆ شەیتان لە ئاگر دروست کراوە چۆن بەئاگر تەعزیبی ئەدات؟ ئاگر بە ئاگر؟ ڕاستە ئاو ئاگر دەکوژێنتەوە.
ئەمانە نەك لە قسەی خوایەکی گەورە ناچێت، بەڵکو زۆر منالآنەشە کە ئاگر بە ئاگر بسوتێنیت. یان خوایەک بەو گەورییە بۆ ئەو هەموو دەسەلآتەی دا بە شەیتان کە دەیزانی شەیتان خۆی ڕۆژێک دێ بێ ئەمری خودا دەکات؟ بۆ نەیئەزانی ڕۆژێك دێت دەسەلآتی شەیتان زاڵ ئەبێت بەسەر دەسەلآتی خودا؟
وەکو ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان ئەیبینین کە شوێن کەوتوانی شەیتان زۆر، زۆر زیاترن لە شوێن کەوتوانی خوا، یان ئەبێت خوا کێشەی بیناسازی هەبێت لە بەهەشتدا؟ یان پانتایی بەهەشت ئەوەنە نییە کە جێگای لەو عەددە زیاتری لێ بێتەوە کە خوا وەریان ئەگرێت؟ چونکە هەر لە قورئاندا خوا پێمان ئەڵێت ئەوەی خۆم هیدایەتی نەدەم هیچ قوەتێك نییە گۆڕانکاری لە عەبدەکانما بکات، وەپێشمان ئەڵێت ئەو کەسەی دژایەتی من ئەکات یان باوەڕی بە من نییە، من خۆم مۆرم داوە لە دڵیان کە بەو شێوەیە بیر بکەنەوە
(لە سورة البقرة ۷: ) خوا ئەڵێت من خۆم مۆرم داوە لە دڵیان ، لە گوێیان ، لە چاویان، کە بەو شێوەیە بیر بکەنەوە چونکە دۆزەخم بۆ گەرم کردوون بۆ عەزاب دانیان.
( خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ)
خوا ئەڵێت تۆ ئازادی چۆن بیر ئەکەیتەوە، من ئەقڵم داوە پێت کە بە ئەقڵ بیر بکەیتەوە وە شەیتانیشم ئازاد کردوە کە تۆ لە خشتە بەرێت، بەڵام ئەگەر ویستم هیدایەتت ئەدەم. دیارە لێردا خوا یاری بە ئەقڵمان ئەکات. ئەمە دوو ڕووی خوامان پیشان ئەدات، ئەڵێت من ئەقڵم داوە پێتان، وە ئەڵێت من مۆرم داوە لەدڵتان، ئەمجا پێمان ئەڵێت من خۆم هیدایەتتان نەدەم بۆ هەر کارێک هیچ هێزێك نییە بتوانێت گۆڕانکاری لە ئێوەیا بکات. کەواتە هەر کارێک کە

ئێمە ئەیکەین ئەنجام دەرەکەی خوایە. هەروەها پێمان ئەڵێت دوو مەلائیکەتی جاسوسم لەسەر شانتان داناوە یەکێکیان بۆ چاکە نوسین ئەوی تریان بۆ خراپە. ئاخر خوا بۆ دوو مەلائیکەتی هەمیشە کڕنوش بەری خۆی بە منەوە سەرقاڵ کردوە کە خۆی وای لێ کردوم باوەڕی پێ بکەم یان نا چاکە بکەم یان خراپە؟

بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەش ئەقڵی خوا تاقی بکەینەوە و بزانین خوا لە مرۆڤی ئەم سەردەمە ئاقڵترە؟

باشە خۆ هێشتا ئادەم لە بەری دارەکەی نەخواردبوو کە خوا زوریەتەکەی پیشانداو ئادەم چل ساڵ لە تەمەنی خۆیشی دا بە داود! لەبەر ئەوەی کورێکی قۆز بوو، باشە خۆ لە بەهەشتا نەدەبوو زاوزێ هەبێت وە شەیتانیش لە بەهەشت دەرکرابوو، خۆ تەنها بۆ یەك فرسەتی تر شەیتان چووەوە بۆ بەهەشت، هەروەها دیارە خوا تەنها بۆ ئەو مەبەستەی وەسوەسەو هەڵخەڵەتاندنی ئادەم لەلایەن شەیتانەوە بوبێت. کەواتە هیچ شتێك نە لەدەستی ئادەم و نە حەوا و نە شەیتاندا بووە وە ئەو ڕاستیەشمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە هیچ لەمانە بڕیاری خۆیان نەبووە. شەیتانێک کە هەموو تەمەنی لە پێناوی خوایا سەرف کردبێت لە خۆشەویستیا هەڵکێشرابێت بۆ ئاسمان خوا کردبێتی بە مامۆستای مەلائیکەتەکان و دەرس بە مەلائیکەت بڵێتەوە و کۆمەڵێ مەنسەبی گەورە لە ئاسمانو بچێتە ڕیزی مەلائیکەت، بۆ هیدایەتی نەدا کە کڕنوش بۆ ئادەم بەرێت؟ یان خوا لەپێناوی ئەو هەموو چاکەی شەیتان با لەو هەڵەی خۆش بوایە؟

ئەی باشە خۆ دوو هەزار ساڵ پێش ئادەم جنەکانی سەر زەوی خوێنیان ڕشت فەسادییان بڵاو کردەوە هەرچەند جن خوێنی نییە بەڵام خوا وا ئەڵێت، ئەو مەلائیکەتانەی کە خۆڵەکەیان بردە سەرەوە بۆ خوا بە خوایان وت ئەمانیش لە جنەکان باشتر نابن. بەڵام خوا وتی ئەوەی من ئەیزانم ئێوە نایزانن، بەڕاستی جێگەی پێکەنینە مەلائیکەتەکان لە خوا ئاقڵ تربوون وە پێیشیان وتوە کە ئەمان لە جن باشتر نابن بەڵام خوا هەر لەسەر ماڵەباجێنەکەی خۆیەتی.

ئەمانەش ئایەتەکانی قورەکاریەکانی خوایە بۆ دروست کردنی یەکەم مرۆڤ. ( أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ ) خوا ئەڵێت ئەی ئێمە لە ئاوێکی پیس تۆمان دروست نەکرد؟ ( سورة النحل :٤ ) ( خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ) خوا ئەڵێت ئینسانم لە تۆوێکی بچوك لەناو هەڵگرەیەکا دروست کرد. ( سورة الطارق: ﴿٦﴾)

(خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ) واتە تۆ لە ئاوێکی پاڵنەر دروست بووی .

دوای ئەوەش پێمان ئەڵێت ئێوەم لە جوانترین شێوە دروست کردوە  دیارە ئەو منداڵانەی کە بە نوقوستانی لە دایك ئەبن خوا ئاگای لێیان نییە؟ کە منداڵ هەیە بە دوو سەرەوە لەدایك ئەبێت، یان بە کوێری، یان بە چوومە، یان بە کەڕوو لاڵی، یان بە نێرەموکی و......هتد. دیارە (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ) ( سورة التين :٤ )

من ئەڵێم ئەگەر خوا منی دروست بکردایە ئەوا ئەیزانی شێوەی دروست بونی من و پرۆسەی گەشە کردنم لە سەرەتاوە چۆن دەستی پێ ئەکرد، خۆمان زۆر شت ئەزانین لە ڕوانگەی زانستەوە کاتێك کۆرپەلە دروست ئەبێت سەرەتا بە تۆپەڵێك گۆشت دوای ئێسقان دروست ئەبێت، دەوەرن بزانین خوا ئەڵێت چیی.

( سورة المؤمنون:١٤ ) ( ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ) خوایەك نەزانێت من چۆن دروست بووم، چۆن ئەڵێت من دروستم کردووی؟ یان کام (أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ) بەڕاستی سەیرە ئاخر خەڵکینە ئێسقان دروست ئەبێت و دوای ئێسقانەکە گۆشت دروست ئەبێت بە چواردەوریا؟ من نەك تەنانەت گەیشتبێتمە ئەو قەناعەتەی کە خوا منی دروست نەکردوە، ئەڵێم ئەگەر خوا دکتۆرێکیش بوایە لەم سەر زەوییە ئەوا بۆ وەرگرتنی حەبی سەرێشەش نەدەچومە لای.